ئیسلامخوازیمان گیانی خزمەتگوزاریمان بەهێزتر دەکات

مامۆستا (عەزیز مەحمود عەزیز مەمەندداوەیی) پالێوراوی ژمارە (٢٣) ی لیستی (٣١٥) لە پارێزگای سلێمانی:

پرۆژەم جێگیرکردنی دەستورێکە کە مافی هەموولای تێدا جێگیر کرابێ

ئاکام ئاسۆس
یەکگرتوو/ رانیە

یەکگرتوو: پێویستە کە سایەتی پەرلەمانتار چۆن بێت، لە رووی رۆشنبیری و مەعریفی و ئاستی زانستی؟

مامۆستا عەزیز: کەسایەتی پەرلەمانتار لەڕووی رۆشنبیری و لەڕووی شەهادەوە کە بڕوانامەی شەشی ئامادەیی هەبێت ئەوە لەڕووی یاساییەوە شتێکی جێگیرکراوە و رۆشنبیری پەیوەندی بە شەهادەوە نییە، بەڵکو دەبێت لە بواری سیاسی و لە بواری بارودۆخی وڵاتەکەی خۆی و لە بواری پەیوەندییەکانی وڵاتەکەی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە ئاستێکی گونجاو و بەئاگابێت، بۆیە ئەوکاتە ئەو پەرلەمانتارە دەتوانێت لەو ئاستانەدا کە خەمۆرە و ئاگایشی هەیە و ئەندازەیەکی پێویست لە زانست و رۆشنبیری ئەو بوارەی کاری خۆی پێیە دەتوانێت پەرلەمانتارێك بێت کە خەمەکانی خەڵك بگەیەنێت بە پەرلەمان و داکۆکی لە خەمەکانی وڵاتەکەی بکات بەگشتی، بۆ ئەوەی پەرلەمانێکی کارا سەرئەنجام حکومەتێکی کارا و پەرلەمانێکی چاودێر هەبێت بەسەر کارەکانی حکومەتەوە و پەرلەمانێك وڵات بەرەو رزگاری، کاتێك ئەمە رووید ئەو کاتە خەمەکانی کەمتر دەبێتەوە و پەرلەمانتاریش لە حاڵەتێکی ئاساییدا کاردەکات، سەرئەنجامیش حکومەتێکی تەندروست دروست دەبێت کە حکومەتی تەندروستیش دروست بوو، ئەوکاتە ئەو وڵاتە خەمۆری راستەقینەی بۆ دروست بوو لە پەرلەمانێکی کارای دڵسۆز لە حکومەتێکی کارای دڵسۆز، کاتێك ئەو حکومەتە شۆڕدەبێتەوە بۆ ناو ناخی جەماوەردا لە رێگای دەزگاکانی، واتە بەرێوەبردنی تەواو و خزمەتگوزاری تەواو پێشکەش بە خەڵك کرد، کە پارێزەرێکی راستەقینەش بوو بۆ ناو خۆی و و بۆ دەرەوەی خۆی لەڕووی مەترسییە ناوخۆیی و دەرەکیەکان وەستایەوە و ئەوکاتە بێگومان هەموو لامان لە حاڵێکی تەندروستدا دەژین، چونکە ئەوانە هەمووی (پەرلەمان و حکومەت و جەماوەر) ئەلقەی تەواوکەری یەکترین، بۆیە پەرلەمانتار لەڕووی رۆشنبیری و مەعریفی و زانستییەوە پێویستە ئاستێکی گونجاوی هەبێت، بەو مەرجەی ئەو ئەندام پەرلەمانە هەر لە سەرەتاوە نیەتی خزمەتکردن بە خاك و خەڵکەکەی مەبەستی یەکەم و کۆتایی بێ.

یەکگرتوو: چ کاتێك پەرلەمان کارا دەبێت و رۆڵی ئەکتیف لەناو کۆمەڵگادا دەبینێ؟

مامۆستا عەزیز: هەرکاتێك ئەو پەرلەمانە کۆمەڵێك سیفاتی ئەندام پەرلەمانی لەڕووی دڵسۆزیەوە لە رووی کاراییەوە بینی و ئەو رۆڵە رۆڵی میللەتە هەر کاتێك میللەت بە چاوکراوەی ئاوا ئەندام پەرلەمانی هەڵبژارد کە کۆمەڵێك سیفاتی تێدا بەدی کرد، بەڵام ئەندام پەرلەمانێك هەڵدەبژێرێ کە شوناس و ئاشنایی لەگەڵ ئەو ئەندام پەرلەمانتارەدا هەیە کە دەتوانێ هەڵیان سەنگێنێ هەر کاتێك میللەت ئاوا ئەندام پەرلەمانی هەڵبژارد ئەو ئەندام پەرلەمانە چالاك دەبێت و ئەو پەرلەمانتارەش پێویستە بەو گیانەوە بچێت کە نوێنەری کۆمەڵگایە و نوێنەری پارێزگاکەی خۆیەتی و پێویستە گوێ لە جەماوەرەکەی خۆی بگرێت و، پێویستە عەقڵ بەکاربهێنێ و عەقڵی خۆی بکوژێت بۆ ئەوەی وەدی نەهاتووە وەدی بهێنێ و چاودێری پاراستنی مافەکانی خەڵك بێت کەوا لەگەڵ میللەت ژیا و بۆ میللەت ژیا ئەوکاتە ئەو ئەندام پەرلەمانە رۆڵی ئەکتیف و چالاك دەبێت لەناو کۆمەڵگادا.

یەکگرتوو: لە ئێستادا پێویستە پەرلەمانێکی چۆن هەبێت تا پەرلەمانێکی عادیل و تەواوکاری کارەکانی هاوڵاتیان بێت؟

مامۆستا عەزیز: دیارە کاری پەرلەمان یاسا دانانە، چاودێری حکومەتە و بەدواداچونیەتی و هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمارە و دەزگاکانی ترە لە پەرلەمانی عێراقدا، ئەو پەرلەمانە کاتێك بمانەوێ پەرلەمانێکی چالاك بێ پێداویستی هاوڵاتیان راهی بکا لە رێی یاسا جوانەکانیەوە و بیخاتە بەردەمی حکومەت و حکومەتی کاراش هەڵبژێرێ، بێگومان پێویستە ئەو پەرلەمانە لە ئەوەڵەوە میللەتەکە بە هۆشیارانە پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمان هەڵبژێرێ، کەسانێك هەڵبژێرێ بە بۆچوونی چەماوەر شایستەبوونیان تێدابێ بۆ ئەوەی بچنە ئەو مینبەرە هەرەگرنگەی کە رۆحی وڵاتە، عەقڵی وڵاتە، کە سەنگەری پێشەوەی پاراستنی وڵاتە و، ئەو رۆحەیە کە گیان بەبەر جەستەی مرۆڤدا دەکاتەوە، کاتێك پەرلەمان پەرلەمانێکی تەندروست بوو، پەرلەمانێك بوو لە ناخی جەماوەروە هەڵبژێردرابوو دوور لە رۆحی حیزبی و دەمارگیری و ناوچەگەری و ئایینی و پەرلەمانێك بوو جەماوەر بە عەقڵێکی کراوە بە دڵسۆزانە نوێنەری خۆی هەڵبژارد، ئەوکاتە ئەو پەرلەمانە پەرلەمانێکی چالاك دەبێت، چونکە کەسانێك هەڵدەبژێردرێن کە جەماوەر لە دیدگایەکی فراوانەوە لە دڵسۆزیەکی فراوانەوە بۆ وڵاتەکەی خۆیان نوێنەریان هەڵبژارد و، کاتێك پەرلەمان بەم هەڵقوڵاوی ناخی جەماوەرە بوو ئەوکاتە ئەو ئەندام پەرلەمانە دەزانێ بۆ دەچێ بۆ پەرلەمان دەزانێ ئەوکاتە ئەرکی ئەو لە پەرلەماندا چییە، هەمیشە هەست بە چاودێری هەڵبژێرەکانی خۆی دەکات کە میللەتە پەرلەمان دروست دەکەن بۆچوونی من وایە ئەو کاتە پەرلەمانێکی کارادەبێت، پەرلەمانێك کە بەرژەوەندی وڵاتەکەی دەخاتە پێش بەرژەوەندی خۆیەوە و مەترسی وڵاتەکەی دەخاتە پێش مەترسییەکانی خۆیەوە پارێزەرێکی ئەمین دەبێت بۆ دەسکەوتەکان و داهێنەرێکی چاوکراوە و عەقڵ کراوەش دەبێ بۆ ئەو شتانەی کە میللەت رۆژانە پێویستێتی لە ماوەی ئەو چوار ساڵەی کە ئەوی تێدایە ئەوکاتە پەرلەمانێکی تۆکمە دەبێت خۆ ناخواتەوە لە ناوخۆی پەرلەمانێك هەرلایەك رای ناکێشێ بۆ بەرژەوەندییە تەسکە حیزبیەکانی خۆی ئەوکاتە ئەو پەرلەمانە بە دیدگا جیاوازییەکانیەوە هەموو لە بەرژەوەندی میللەتدا بەکاری دێنن.

یەکگرتوو: پرۆژە و کارت لە پەرلەماندا چی دەبێت؟

مامۆستا عەزیز: پرۆژەم جێگیرکردنی دەستورێکە کە مافی هەموو لای تێدا جێگیر کرابێ، دەستورێك کە لە قەناعەتێکەوە سەرچاوەی گرتبێ کە دەستوردانەران و پارێزەرانی دەستور قەناعەتیان بەو دەستورە بێت و، ئەو دەستورەش لە دامودەزگاکانی حکومەت کاری لەسەر بکرێت، ئەوکاتە ئەم دەستورە جێگیرە فراوانە ماف لەخۆ گرتووەی هەموولا دەبێت بە مایەی ئارامی و ئاسایش بۆ وڵات و و سەرئەنجام دەبێ بە مایەی پێشکەوتن کە هەموولا دەبن بە پارێزەری دەستور و هەموولا دەبن بە سەرخەری ئەو پرۆسە جوانەی کە لەو دەستورەیدا هەیە، بۆیە پرۆژەی یەکەمم جێگیرکردنی دەستورە، کە لە قەناعەتی عێراقیەکانەوە هەڵقوڵابێ.

دووەمیان: بێگومان کوردستان قوربانی یەکەمی رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقە، رژێمی بەعس لە سەرووی هەموویانەوە و قوربانی شەڕەکانی دوو دەوڵەتە و، قوربانی شەڕەکانی ناوخۆیشە، کە هۆکارەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخەی کە باسم کرد. بەشێکی زۆری ئەو کوردستانە لەبنهاتووە لە ژێرخانی مرۆیی، ئابوری، سروشتی کوردستان و کۆمەڵایەتی... لە هەموو ڕەهەندەکانیەوە هەڵتەکێنراوە، پێویستە ئەو کوردستانە ئاوەدان بکرێتەوە و بایەخی تایبەتی پێبدرێ و قەرەبووی زیانلێکەوتوانی ئەو مالکاولیەی کە بەسەر خەڵك هاتووە لە رووی (دەروونی، ئابوری، جەستەیی ئاوەدانی)ەوە و پێویستە کوردستان لە رووی کشتوکاڵیەوە جیا لە رووەکانی کەش بایەخێکی تایبەتی پێ بدرێت بودجەیەکی بۆ دیاری بکرێت و بەدواداچوونی بۆ بکرێت، بودجەیەك کە کوردستان بکاتەوە ئەو شوێنەی کە بتوانێ ببێ بە وڵاتێك کە عێراق بیژێنێ نەك هەر خۆی پێ بژیات، چونکە کوردستان خاوەنی سامانێکی گەورەی کشتوکاڵیە لەڕووی ئاوی بارانەوە، لەڕووی ئاوی سروشتیەوە، لەڕووی بەپیتی خاکەکەیەوە، لەڕووی ئەو هەموو جوتیارەی کە لە کوردستاندا بەهۆی ئەو بارودۆخە نالەبارانەی کە کوردستان پێش راپەرین و دوای راپەرین پێیدا رۆیشت لادێیەکانی کوردستان چۆل بووە، کشتوکاڵ بێناز بووە و، پێویستە جوتیاران بگێڕدرێنەوە ئەو قۆناغەی کە پشت بە بازووی خۆیان ببەستن، بەڵام بە نەخشەیەکی سەردەمیانە کوردستان پێویستە رووە ئابوورییەکەی لە رووی کشتوکاڵەوە لە رووی بایەخدان بە جوتیار و خاکەوە، کوردستان پێویستە ببۆژێنرێتەوە.

دڵخواز عەبدوڵڵا ـ کاندیدی ژمارە (٦)ی لیستی (٣١٥) لە پارێزگای سلێمانی

کار ئەکەم بۆ سەربەخۆبوونی دادگاگان

یەکگرتوو: پەیامت چییە لە خۆ کاندید کردنت؟

دڵخواز عەبدوڵڵا: خۆم کاندید کردووە وەك ئەوەی کە (٢٢)ساڵە لە بواری کاری بانگەواز و پەروەردەیی و رێکخراوەیی و سیاسیدا کار ئەکەم بەبێ دابڕان، هەروەها وەك پارێزەرێك خزمەت بە کۆمەڵگاکەم ئەکەم، ئێستا ئەمەویێت لە رووبەرێکی فراوانتردا ئەم خزمەتە بکەم و ئەو کێشەوگرفت و بۆشاییانەی کە ئەیبینم لە ژیانی توێژەکانی کۆمەڵگەدا بیکەم بە پرۆژە و بتوانم گوزارشت لە خەم و مەینەتییەکانی هاوڵاتیان بکەم و هەوڵی تەواو بخەمەگەڕ بۆ بەیاسایی کردنی مافەکانیان و رزگارکردنیان لەو قەیرانی بێ خزمەتی و نادادپەروەریەی کە هەیە، سەرەڕایی ئەوەی کە من بە ئەرکی پەیامداری خۆمی ئەزانم کە هەوڵبدەم خۆشگوزەرانی و ئاسودەیی بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا بەدی بێنم لە رێگای بەیاسایی کردنی مافەکانیانەوە.

یەکگرتوو: پرۆژەی (دڵخواز عەبدوڵڵا) وەك کاندیدێك و یاساییەك چییە بۆ پەرلەمان؟

دڵخواز عەبدوڵڵا: وەك یاسایەك کار ئەکەم بۆ پاراستنی سەرجەم ئەو ماف و بەرژەوەندییانەی کورد کە لە دەستوری هەمیشەیی عێراقدا هەیە و سازش نەکردنە لەسەریان و بەرگریکردن لە دەسکەوتەکان لە رێی جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)ی دەستور.

١ـ کارئەکەم بۆ سەربەخۆبوونی دادگاگان و سەروەریی یاسا، بۆ ئەوەی هەمو تاکێکی عێراقی لە بەردەم یاسادا یەکسان بێت، ئەویش لە رێگای دابینکردنی گوزەرانێکی گونجاو بۆ دادوەرەکان و سەرجەم فەرمانبەرەکان تاوەکو بتوانن مامەڵەیەکی دروست بکەن لەگەڵ داواکاندا، هەروەها گەشەدان بە توانا کانیان بە کردنەوەی خولی تایبەت بۆیان و دابینکردنی بوجەی پێویست بۆ ئەم مەبەستە.

٢ـ کارئەکەم بۆ قەرەبووکردنەوەی قوربانیانی ستەمی رژێم لە ئەنفال و کیمیاباران و کەسوکاری شەهیدان و دابینکردنی ژیانێکی شایستە بۆیان لە رێگای تەرخانکردنی بەشێك لە بوجەی دەوڵەت بۆیان و، زیادکردنی بەپێی بارودۆخ و گوزەرانیان.

٣ـ دابینکردنی ژیانێکی شایستە بۆ خانەنشین و بەساڵاچوان و خاوەن پێداویستییە تایبەتیەکان بەشێوەیەك کە لەگەڵ ژیانی سەردەمدا بگونجێت.

لە بواری ئابوریدا:

کاردەکەم بۆ بەدیهێنانی ژیانێکی شایستە بۆ سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگا و دابینکردنی خزمەتگوزاریی پێویست و شیاو لە کارەبا و ئاو و رەخساندنی هەڵی کار بەیەکسانی بۆ تاکەکان و زیادکردنی بژێویان.

لە بواری ژناندا:

١ - کاردەکەم بۆ ئەوەی چەمکی بەشداری ژنان لە سیاسەتدا رووبەرێکی فراوانتر بگرێ بە دەستەبەرکردنی ئەو رێژەی لە (٢٥٪)ی کە دانراوە بۆ ژنان لە ئەنجوومەنی یاسادانان بۆ ئەنجوومەنی جێبەجێکردن و دادوەریش.

٢ - چاکسازیکردن لە بواری گەیشتنی ئافرەتان بە راهێنانی پیشەیی و زانست و تەکنەلۆژیا و خوێندنی بەردەوام و ئاسانکاریکردن بۆیان لە خزمەتگوزاری، وەك بوونی دایەنگا لە شوێنی کاریاندا.

لەبواری لاواندا:

١ - رەخساندنی هەلی خوێندن بۆ لاوان لە هەموو قۆناغەکاندا و دابینکردنی بوجەی پێویست بۆ شوێنی نیشتەجێبون و ئاسانکاری لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا.

٢ - سەربەخۆکردنی ئەو دەزگا و سەنتەرانەی کە بڕەو بە تواناکانی لاو دەدەن لە هەموو دەستێوەردانێکی حیزبی و دەرەکی.

لە بواری منداڵاندا:

١ - کاراکردنی ئەو یاسایانەی کە خزمەت بە منداڵان دەکات و رێ ئەگرێت لە کارکردنیان.

٢ - بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری باوکان و دایکان کە بەشێوەیەکی زانستیانە پەروەردەی منداڵەکانیان بکەن لە رێگای کاراکردنی ئەو سەنتەر و دەزگایانەی کە لەم بوارەدا رۆڵ دەبینن.

یەکگرتوو: لەو خزمەت و پەیامەی ئاماژەت پێ کرد، کەواتە چی بە دەنگدەران دەڵێیت؟

دڵخواز عەبدوڵڵا: لە میانەی ئەم خزمەتانەوە ئەمەویێت کە بە ئەرکی پەیامداری و ئیسلاحخوازی خۆم هەستم و بتوانم وەك ئەندامێکی خەمخۆر و دڵسۆز بە گەل و نیشتمانەکەم درێژە بەخەباتی خۆم بدەم.

پارێزەر/ دڵخواز عەبدوڵڵا حسێن (١٩٦٧).

ـ دەرچووی کۆلیژی یاسا/ زانکۆی سلێمانی، ئەندامی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان.

ـ ساڵی (١٩٨٩-١٩٩١) وەك مامۆستا لە شاری کامیاران لە ئێران خزمەتی بە منداڵانی ئاوارەی کوردستان کردووە.

- ماوەی(٩) ساڵ لە دەزگای فریاکەوتنی ئیسلامی جیهانی وەك سەرپەرشتیار خزمەتی بە منداڵانی بێباوکی کوردستان کردووە.

- بەشداری چەندین پۆستی حیزبی و رێکخراوەیی کردووە بەسەرکەوتوویی، لەوانە: پەیوەندییەکان، کۆمەڵایەتی، دەست ڕەنگینی، رۆشنبیری.

- ماوەی دووساڵ و نیو بەرپرسی لقی سلێمانی یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامیی کوردستان بووە.

- بەشداری چەندین کۆنگرە و کۆنفرانسی ناوخۆ و دەرەوەی عێراقی کردووە، لەوانە:

١ - کۆنگرەی ژنانی پارتە سیاسییەکانی عێراق لە ئەستنبوڵ وەك نوێنەری یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان.

٢ - کۆنگرەی ژنانی عێراق لە بەغدا و سلێمانی و هەولێر.

٣ - ساڵی (١٩٩٩) بووە بە ئەندام لە ئەنجومەنی داکۆکیکردن لە مافەکان ژنان لە سلێمانی.

٤ - ساڵی (٢٠٠٠) بووە بە ئەندامی سەنتەری نەوا لە سلێمانی کە تایبەت بوو بە گرتنەخۆی ئەو ژنانەی توندوتیژیان بەرامبەر کرابوو یان هەڕەشەی کوشتنیان لێ کرابوو و، بەدواداچوونی کێشەکانیان.

٥ - ساڵی (٢٠٠١) بووە بە ئەندام لە بۆردی کەمکردنەوەی زەبرو زەنگ و توندوتیژی لەسەر منداڵان بۆ ماوەی (٢)ساڵ لەگەڵ رێکخراوی کیدۆ، (٣) سوپاس و پێزانینی وەرگرتووە.

٦ - ساڵی (٢٠٠٢) بووە بە ئەندام لە بۆردی داکۆکیکردن لە ژنانی زیندان بۆ ماوەی ساڵ و نیوێك بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی لەسەر ژنانی زیندان.

٦ - ساڵی (٢٠٠١) بووە بە ئەندام لە کۆمسیۆنی ناساندنی مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ رێکخراوی بەدلیسی بۆ ماوەی (٣) ساڵ.

٧ - ساڵی (٢٠٠٠) ئەندامی سەنتەری نەوا بووە بۆ خزمەتکردنی ئەو ژنانەی کە هەڕەشەی کوشتنیان لەسەر بووە بۆ ماوەی (٤) ساڵ.

٨ - ئەندامی چالاکی تۆڕی هاوبەشی رێکخراوەکانە.

٩ - بەشداری چالاکانەی چەندین خولی پێشکەوتوی کردووە سەبارەت بە ئافرەت لەگەڵ NDI، IRI، concordya-counter part-

- ئەنجامدانی دەیەها کۆڕ و سیمینار و مێزگرد و چاوپێکەوتن بۆ TV و رادیۆ و رۆژنامە و گۆڤارەکان سەبارەت بە بابەتە یاسایی و کۆمەڵایەتیەکانی تایبەت بە پرسی ژنان.

- بوونی چەندین بابەت و چالاکی سەبارەت بە نەهێشتنی روبەڕووبوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان و هەر لەم بوارەشدا توێژینەوەیەکی زانستی هەیە سەبارەت بە (بەکرێدانی منداڵدانی ئافرەت لە میزانی شەریعەتی ئیسلامی و قانونی دانراودا).

- خاوەنی (١٦) بڕوانامە و سوپاس و پێزانینە لە بواری خزمەت کردن بە کۆمەڵگەی مەدەنی و بەشداری خولەکان.

- ساڵانە چەندین بابەتی سەبارەت بە هۆشیارکردنەوەی کچانی لاو و ژنان هەبووە سەبارەت بە کێشەکانیان و رێگاچارەکان.

- ئێستاش بەرپرسی بەشی پەیوەندییەکانی سکرتاریەتی یەکگرتووی خوشکانە.